# خیانەت .. حەڵوا نیە ببەخشرێتەوە !

## نەوزاد وەلی

لـە سـەردەمی بەعسدا ، لـەوە ئاسانتر نەبوو کە دەزگا حکومییەکان ، یان بەعسییە حیزبییەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکانیان ، بە ئارەزووی خۆیان تاوانی خیانەت بدەنە پاڵ کەس و حیزب و تەنانەت دەوڵـەتانیش. پێش هەڵـبژاردنەکانی (مەجلیسی وەتەنیی) و هەڵـبژاردنی سەدام ، هەموو دەزگا زۆر و زەبەندەکانی ڕژێم ، زورنای ئەوەیان لـێئەدا کە ئەو کەسەی بەشداریی نەکات ، خائینە !.

لـە هەڵـبژاردنەکەی ئەم جارەی (مەجـلیسی وەتـەنیی) عێراقدا و پاش نەمانی ڕژێمی بەعس و سـەدام ، هەمان سیناریۆ دووبارە بووەتەوە! بەڵام ئەم جارەیان دەزگای زانیاریی یەکیەتی ئەو تاوانە ئەداتە پاڵ هاونیشتمانییان و ئەو زورنایەی سەردەمی بەعس لـێئەداتەوە.

دەزگای زانیاریی یەکیەتی بە ناوی (هونەرمەندانەوە) کۆمەڵـێك کەسی ناهونەرمەندی کۆکردووەتەوە و مانگیی جارێك لـە دەزگاکەی هێرۆخانەوە ، بەرنامەیەکی نابەرنامە پێشانئەدەن کە زیادتر لـە گاڵـتەبازاڕ ئەچێت وەك لـە کاری هونەریی ، شاکارەکانی ئەم کۆمەڵـە (موهەریج)ـە ، بەگشتیی بریتین لـە سیناریۆی بێ ناوەڕۆك و بێ مانا و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی سەرجادەیی و بازاڕیی.

لـە سـەردەمی بەعسیشدا کۆمەڵـێك (موهەریج) بەناوی هونەرمەندانەوە بەرنامەی لـەم جۆرەی (بەرنامەی نا بەرنامە)ی دەزگای زانیاریی یەکیەتییان هەبوو. ئەوانیش ڕەخنەیان لـە وەزیر و بەرپرسەکان ئەگرت و ڕیسوایان ئەکردن! بەڵام ئایا هیچ لـە کێشە کۆمەڵایەتی ، ئابوری و بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم ئەبوونەوە؟ بێگومان بە پێچەوانەوە و زیادتریش ئەبوون ، چونکە لـە بنەڕەتدا ئەوە مەبەستی سەرەکیی دەزگا ئەمنیی و تایبەتییەکانی سەدام خۆی بوو.

ئەگەر بۆ خۆڵـکردنە چاوی جەماوەر نەبێت و ئەگەر تا ئێستا لـە سەدا یەکی ئەو گلـەیی و گازەندە و ڕەخنانەی ئەو کۆمەڵـە موهەریجەی دەزگای زانیاریی یەکیەتی و دەزگای خاکی هێرۆخان ، بەڕاستیی وەربگیرایە! ئەوا ئێستا ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی ئەبوو بە شامی شەریف !.

ئەگەر ئەم کۆمەڵـە موهەریجە ، سەر بە دەزگای زانیاریی یەکیەتی نەبن! چۆن لـە بەرنامەی نابەرنامەی ئەم مانگەیاندا ، مستەفا ئەحمەد ، بە ئەوپەڕی ملهوریی و نامرۆڤایەتییەوە ئەڵـێت: ئەوەی بەشداریی لـە هەڵـبژاردنەکەی عێراقدا نەکات خائینە !!!.

پێش ئەو ناماقوڵـییەی ئەم دەزگا ڕاگەیاندنە تۆقێنەرە ، جەلال تاڵـەبانیی لـە چاوپێکەوتنێکدا لـەگەڵ دامودەزگاکانی خۆیدا کە ساتیلایتەکەشی بڵاویکردەوە ، دەربارەی هەڵـبژاردنەکەی (مەجلیسی وەتەنیی) عێراق ، وتی: بچنە ماڵان و قەناعەت بە خەڵـکەکە بکەن کە دەنگ بدەن!.

لـە ڕاستییدا ئەوەش نیشانەی (سەوز) بوو بۆ دەزگا داپڵـۆسێنەرەکانی ینك کە بە هەموو جۆرێك جەماوەرەکە بتۆقێنن و بەشداریی لـە هەڵـبژاردنەکەی عێراقدا بکەن!.

پێش ئەوانیش من لـە نوسینێکمدا هەر لـە سایتی (دەنگەکان)دا بە ناوی (تراجیدیای چەپ و ..) ، وتم:**(دوریش نیە کە لایەنەکان خەڵـکەکە بەوە بترسێنن کە ئەو کەسەی دەنگ بۆ لـیستە هاوبەشەکە نەدات ، ئەخرێتە خانەی دوژمنایەتی لایەنەکانی ناو لیستە هاوبەشەکە و کوردەوە و بەوەش ئەتوانن خەڵـکێکی زۆر بتۆقێنن و بە ناچاریی دەنگبدەن).**

مرۆڤ ئازادە کە لـە هەڵـبژاردندا دەنگ بدات یان نا ، ئەوەش پێوەر نیە بۆ ڕادەی نیشتمانپەروەریی و نەتەوەپەروەریی! لـەژێر سێبەری ڕژێمە تۆتالـیتاریی ، دیکتاتۆریی ، فاشیست و دواکەوتووەکانیشدا نەبێت ، کەس ناتوانێت بە ئاشکرا و لـە تێلـێڤیزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ، تاوانی خیانەت بداتە پاڵ هاونیشتمانییانی خۆی ، تەنیا لـەبەرئەوەی کە بەشداریی لـە هەڵـبژاردنی (وڵاتی داگیرکەری وڵاتەکەی خۆیاندا) نەکەن!.

دەزگا زانیاریی و ڕاگەیاندنەکانی ینك و پدك وایان لە جەماوەرەکەیان گەیاندووە کە تا زۆرتر دەنگ بدرێت (کورسی) زیادتر بۆ کورد بەدەستئەخەن! . لە تێلێڤیزیۆنەکانیشیانەوە کە پرسیار لە جەماوەرەکە ئەکەن ، هەر وەك (توتی) ئەو بەزمە ئەڵێنەوە! لە کاتێکدا کە ژمارەی کورسییەکانی مەجلیسەکەی عێراق بە سەر شارەکاندا بەشکراوە و شارەکانی کوردستانیش وەك هەر شارێکی (عێراقی عەرەبیی) ژمارەی خۆی بۆ دانراوە.

سەرانی کورد و دەزگا تۆقێنەر و زوڕناکانیان ، ئەو ڕاستییەیان لە خەڵکەکە شاردووەتەوە کە ئەگەر جەماوەری سلێمانیی دنگ بدات یان نا ، ئەوا هەر 34 کورسی هەیە لە مەجلیسەکەی عێراقدا و هەولێریش هەر 28 کورسی و دهۆکیش 16 کورسی.

جەماوەری گەل ئەبێت ئەو ڕاستییە بزانن و چەواشە نەکرێن کە (مەجلیسی وەتەنیی) عێراق ناوەکەی بە خۆیەوەیەتی و مەجلیسی (نوێنەرانی پارێزگاکانە ـ بە پارێزگاکانی کوردستانیشەوە) ، نەك پەرلەمانێکی هاوبەشی فیدراڵیی! لە نێوان پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستاندا! .

ئەبێت ئەو ڕاستییەش بزانن کە دەنگدان بۆ (مەجلیسی وەتەنیی) عێراق نە دەنگدانە بۆ فیدراڵیی و نە بۆ سەربەخۆیی ، بەڵکوو توند و تۆڵکردنی کۆیلەیەتی باشوری کوردستان و گەلەکەیەتی ، بە شێوەیەکی یاسایی و (شەرعیی) و نێودەوڵەتیی! .

جەماوەری گەلی کوردستان ئەو ڕاستییە باش ئەزانن کە ئەگەر سبەینێ هەموو (کوتلە)ی کورد و کوردستانیی لە (مەجلیسی وەتەنیی) عێراق بکشێنەوە ، ئەوا کاری ئەو مەجلیسە ناوەستێت و پەکیشی ناکەوێت لەسەر (چارەکێکی) ئەندامەکانی ، لە کاتێکدا هەموومان پەرلەمانە چایخانەکەی خۆمان بینیوە کە بە نیوەی ئەندامانیشیەوە هەر پەکی نەکەوت و بەردەوام بڕیاری دەرئەکرد! ! .

ڕۆشنبیران و ڕۆڵە بەئەمەکەکان و چەپە بەویژدانەکانی کوردستان ئەو ڕاستییانە ئەزانن و ئەشزانن کە بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنی عێراقدا کە داگیرکەری بەشێك لە خاکی کوردستانە و تا ئێستاش بستێك لە خاکی بە عەرەبکراو و زەوتکراوی گەرمیان ، هەر لە شەنگاڵەوە بە کەرکوکەوە تا خانەقین ، نەگەڕاوەتەوە ناو سنوری باشوری وڵاتمان ، لە خۆهەڵخەڵەتاندن و لە خشتەبردن زیادتر هیچی تر نیە و زامێکی قوڵتر لە جەستەی گەلەکەماندا دروستئەبێت.

ئێمەی ڕۆشنبیران ، چەپ و دڵسۆزانی گەل و نیشتمانمان ، لە ڕوانگەی مێژووەوە و ئەزمونە تاڵ و خوێناوییەکانی گەلەکەمانەوە ، ئەو ڕاستییانە ئەزانین و پێشبینیی ڕووداوەکان ئەکەین و ئەیانخەملێنین و لەسەر ئەو بنەمایانەشە کە داوا لە جەماوەری بەئەمەکی گەلەکەمان ئەکەین کە بەشداریی هەڵبژاردنی (مەجلیسی وەتەنیی عێراق) نەکەن و لە هەڵبژاردنی کوردستانیشدا دەنگ نەدەن بە (لیستی چێشتی مجەور) و ئەو لایەنانە و حیزبۆکە پاشکۆکانیان کە کوردستانیان کردووە بە کەلاوە و بەرپرسن لە ڕشتنی خوێنی بە ناڕەوای هەزاران کورد لە پێکدادانەکانیاندا و سامانی وڵاتمانیان بردووە بە تاڵان.

ئەمە بانگەشە ، هاوار ، ناڵە و داوای کەسانی ڕۆشنبیر و دڵسۆزی گەلەکەمانە کە مافی خۆیانە و بە ئەوپەڕی ڕەوشتبەرزیی و ڕێزەوە داوا لە جەماوەرەکەیان ئەکەن. دەبا جەماوەریش سەرپشك بێت و لە ڕێگای دەنگدانەکانەوە بڕیاری خۆی بدات.

با جەماوەر هەر لەو ڕێگایەوە بڕیار بدات ، کێ خائینە؟ .. ئەوانەی کە دڵسۆزی گەل و نیشتمانن و دەنگ نادەن لە هەڵبژاردنە بێ سەروشوێنەکانی عێراقی داگیرکەر و لیستی (چێشتی مجەور)ی کوردستاندا! یان ئەوانەی لە دەزگا (موهەربج)ـەکان ، زانیاریی ، ئاساییش و زوڕنا ڕاگەیاندنەکانی حیزبەکانەوە ، بە ناڕەوا و نایاساییانە و بە ئەوپەڕی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە ، تاوانی (خیانەت) بە کۆمەڵ و پێش وەخت ، ئەخەنە پاڵ ئەو هاونیشتمانییانەی کە دەنگ نادەن بۆ عێراقی عەرەبیی داگیرکەر! .

جەژنەکانی ساڵی نوێ لە گەلەکەمان پیرۆزبێت و بە هیوای ساڵێکی نوێ کە گەلەکەمان لە باشوری کوردستاندا بە یەك دەنگ بڕیاری خۆی دابێت: نا بۆ کۆیلەیەتی عێراق ، نا بۆ حیزبە کلاسیکییەکانی باشوری وڵات و دامودەزگا تۆقێنەر و داپڵۆسێنەرەکانیان ، گەندەڵیی ، دزیی ، جەردەیی ، سیاسەتە هەڵە و چەوت و چەواشەکارییەکانیان.

2004-12-29